# ماتریاڵیزم چییە؟

نوسینی: زەردەشت نورەدین

پێش ئەوەی باسی ماتریاڵیزم وەک خۆی بکەم کە چییە، دەمەوێت ئاماژە بدەم بە ماتریاڵیزم لە کۆمەڵگای کوردییدا و هەروەها تیشک بخەمە سەر ماتریاڵیزم بەو شێوەیەی کە لەناو خەڵکدا جێکەوتووە. دەشێت بڵاوبوونەوەی هەر ئایدیایەک یان هەر بیرۆکەیەکی نوێ لە ناو جەماوەردا وەک سەنگی مەحەک و پێودانگ تەماشابیکەین کە ئەو ئایدیا نوێیە پێشوەختە چەنێک دوژمن و نەیاری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی هەیە و هەروەها چەنێک زەمینەی کەلتوری و پانتایی کۆمەڵایەتی ئامادەیە بۆ وەرگرتنی.

ڕەنگدانەوەی ماتریاڵیزم لە ناو خەڵک و کۆمەڵگای کوردییدا تا سەر ئاستی کاریکاتێر شێوێنراوە و بووە بە ماتریاڵیزمی عەوامانە و ناوی مادیگەرا یان مادەپەرستیی لێنراوە و لە کرۆکە دەوڵەمەند و ڕاستەقینەکەی خۆی داماڵراوە و کۆمەڵێك ئاماژە و دەلالەتی تری وەرگرتووە کە نەک لەگەڵ ماتریاڵیزم نایەتەوە، بەڵکو لە زۆر شوێندا لەگەڵیشی پارادۆکس دەکەوێتەوە.

ماتریاڵیزمی عەوامانە یان مادەپەرستی لە ناو خەڵکدا کۆمەڵێک کلێشە و ئەرگومێنتی بازاڕی و ساویلکانەیان تێئاخێنراوە کە دوورە لە کرۆکی ڕاستەقینەی ماتریاڵیزمەوە. بۆ نمونە کلێشەی "مادەگەراکان مادەپەرستن و تەنیا مادە لایان گرنگە". یان "مادەگەراکان مادیین واتە پوولەکی و پارەپەرستن" و ئەرگومێنتی بازاڕیی وەک " مادەپەرستەکان دەڵێن هەموو شت مادەیە و ئەگەر شتێک بە چاو نەبینن ئەوا بوونی نییە، لە کاتێکدا عەقڵ نابینرێت و مادە نییە و بوونی هەیە" و چەندان کلێشە و ئەرگومێنتی بازاڕیی تر. لێرەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وڵامی ئەو کێشە و ئەرگومێنتانە نادەمەوە بەڵکو لە درێژەی باسەکەدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەڵدەوەشێتەوە لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا ئەو ئەرگومێنت و کلێشانە لە تێنەگەیشتنەوە لە ماتریاڵیزم دروستبووە نەک بەدحاڵیبوون. ئێستا با بزانین ماتریاڵیزم چییە؟

مرۆڤ لە سەرەتای ڕامان و وردبوونەوە لە دەوروبەر کۆمەڵێک پرسیاری لا گەڵاڵە بووە و بە گوێرەی هەلومەرجی ماتریاڵی و مێژوویی و هۆشیاری خۆی وەڵامی ئەو پرسیارانەی

داوەتەوە. لە ئەنجامی ئەم وەڵامدانەوەدا دوو جەمسەری ئەنتاگۆنیستیی لە جیهانبینی و میتۆد و هێڵی هزری بەرهەمهاتووە کە سەرەتا بە کاڵی لە ئوستورە و دینەکاندا دەرکەوتووە و پاشان لە ئەدەبیات و هونەردا ڕەنگیداوەتەوە و دواجار بە تۆخی لە فەلسەفەدا فۆرمولەبووە، واتە ماتریاڵیزم و ئایدیاڵیزم. ماتریاڵیزم پێش ئەوەی لە فەلسەفەدا دەرکەوێت لە ئوستورە و دینەکاندا بەکاڵی دەرکەوتووە وەک بودیزم و جەینیزم لە هندستان و گەلگامێش لە عێراقدا.

ماتریاڵیزم بۆ یەکەمجار بەتۆخی لە فەلسەفەدا مانیفێستدەبێت یان فەلسەفە بۆ یەکەمجار وەک سیستەمی هزری ماتریاڵیستانە دەردەکەوێت. هەوڵدەدرێت پەیدابوونی گەردوون و مرۆڤ و ژیان بەشێوەیەکی ماتریاڵیستانە ڕوونبکرێتەوە. لێرەدا بەمانا باشلارییەکەی، دابڕانێکی ئەپیستمۆلۆژی لە هزری مرۆڤدا ڕوودەدات. بەدەربڕینێکی تر بۆ یەکەمجارهەوڵدەدرێت پارادیمی ئوستورەیی بەتەواوی تێپەڕێنرێت و پارادایمێکی ماتریاڵیستیی عەقڵانی بۆ ڕوونکردنەوەی پەیدابوونی گەردوون، ژیان، مرۆڤ، سرووشت، دیاردەکان و کایە کۆمەڵایەتییەکان بخرێتەڕوو.

ماتریاڵیزم فۆرمێکە لە مۆنیزمی فەلسەفی کە مادە بە بنەڕەتی پێکهاتەی سرووشت بە مانا فراوانەکەی دادەنێت کە هەموو دیاردەکانی وەک دیاردەی بیرکردنەوە و دیاردەی ئاگایی و هۆشیاری بە دەرەنجامی مادی دادەنێت. بە دەربڕینێکیتر ماتریاڵیزم مادە دەکات بە بنچینە و، ئاگایی و هۆشیاری و هەموو کایە هزری و کۆمەڵایەتییەکان بە ڕەنگدانەوەی مادە دادەنێت نەک فۆرمە نامادییەکان ڕەتبکاتەوە و نەفییان بکات. بۆ نمونە پێگاسوس (ئەسپی باڵدارە لە ئوستورەی یۆنانییدا) فۆرمێکی نامادییە کە دەرەنجامی ڕەنگدانەوەی خێچڕوانینە بۆ سرووشت. پێگاسوس هەرچەندە نامادییە بەڵام لە ئوستورەی یۆنانیدا هەبووە و وێنای لە زەینی خەڵکدا درووستکردووە. کەواتە ماتریاڵیزم بوونی زەینی و سوبکێتیڤی پێگاسوس ڕەتناکاتەوە بەڵام ئەوە ڕووندەکاتەوە کە فۆرمێکی نامادیی پەیدابووی هەلومەرجێکی تایبەتە.

وەک لینین ئاماژەی پێدەدات، کاتیگۆریی مادە لە فەلسەفەدا جیاوازە لە چەمکی مادە لە زانستدا. مادە لە فەلسەفەدا ئاماژەیە بۆ بوونی ئۆبێکتیڤ و، گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت

لەبەرئەوەی کاتیگۆرییەکی گشتیی فەلسەفییە بەڵام چەمکی مادە لە زانستدا لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکی تازە لە زانستدا گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بۆیە گرنگە جیاوازیی نێوان چەمکی زانستیی مادە و کاتیگۆریی فەلسەفیی مادە بکەین.

## ١- ماتریالیزمی سەرەتایی

### A- ماتریاڵیزمی سرووشتی

#### a- تالیس

تالیس (٥٤٨-٦٢٤پ.ز) بنەماڕێژی فەلسەفەی ماتریاڵیستی و هاوکات فەلسەفەیە. تالیس خاڵی وەرچەرخانە لە پەڕینەوە لە ڕوونکردنەوەی ئوستورەیی و ئایدیالیستیانەی پەیدابوونی گەردوون، مرۆڤ و ژیان بۆ ڕوونکردنەوەی ماتریاڵیستی. گۆڕانگاریی ڕادیکاڵی بەسەر فۆرمە ئوستورەییەکاندا هێنا و پرسیارە ئۆنتۆلۆژییە/ئوستورەییەکانی وەک پەیدابوونی گەردوون، ژیان و مرۆڤی بە دوور لە پارادیمی ئوستورەیی ڕوونکردەوە. گرنگترین پرسیار لە ئوستورەدا پرسی پەیدابوونە، واتە پرس لە زاگە و سەرەتای سەرەتا یان ئارخە(arche)ـەیە. بە جۆرێک کۆئوستورەی گەلێک نییە ئەگەرچی بە کاڵیش بێت وەڵامی پرسی ئۆنتۆلۆجی/ئوستورەیی پەیدابوونی نەدابێتەوە. لێرەوە دەشێت لەوە بگەین کە بۆچی فەلسەفەی ماتریاڵیزمی سرووشتی بە پلەی یەک وەڵامی پرسە ئۆنۆلۆجییە/ئوستورییەکان بەشێوەی ماتریاڵیستی دەداتەوە و خۆڕسکانە فۆرمی مۆنیزم وەردەگرێت. تالیس بە دۆکترینە مادییەکەی بەرگێکی ئوستورەیی و ئایدیالیستی لە کۆسمۆلۆجی و گەردوونزانی و پرسی زاگە و پەیدابوون کردەوە و "ئاو"ی بە زاگە یان ئارخەی هەموو شت دانا و پێی وابوو هەموو شت لە "ئاو" دروستبووە. گرنگی تالیس

لەوەدا بوو مەتەر و مادەی بە بنەما وەرگرت و پاشان بنچەی ماتریاڵیزمی مۆنیزم و یەکانەیی داڕشت.

## b- ئاناکسیمەندەر

ئاناکسیمەندەر، قوتابیی تالیس، هەنگاوێک ڕێبازە ماتریالیستیەکەی بەرەو پێشەوە برد. ئاناکسیمەندەر ئاپیرۆن(apeiron) مادەیەکی بێ‌پایان و دەستنیشاننەکراوی بە زاگە و سەرچاوەی یەکەم دانا. چەمکی مادەی وەک زاگەی پەیدابوون زیاتر ئەبستراکت و فراوانکرد و پێی وابوو گەردوون، مرۆڤ، ژیان و هەموو شتەکان لە ئاپیرۆن درووستبوون. ئاپیرۆن بەردەست و بەرهەست نییە بەڵام دەشێت بیزانین و بیناسین. کەواتە ئاناکسیمەندەریش مۆدیلی ماتریاڵیزمی سرووشتیی خۆی لە چوارچێوەی پارادیمی تالیسدا خستەڕوو.

## c- ئاناکسیمەنس

ئاناکسیمەنس لەجیاتیی ئاپیرۆن یان ئاووهەوای بە بنەڕەتی پەیدابوونی جیهان، ژیان و مرۆڤ دانا. دیارترین تایبەتمەندیی هەوا جووڵانێتی. ئاناکسیمەنس قۆناغێک ماتریاڵیزمی سرووشتیی بردەپێشەوە بەوەی کە پرسی جوڵە و گۆڕانی لە توخمی سەرەتایی یان زاگەی پەیدابووندا جێخست. توانیی لە ڕێگەی جولانی هەواوە دیاردەی گۆرانکاری بە میکانیزمی کەم-پەیتیبوون و زۆر-پەتیبوون ڕوونبکاتەوە و پرۆسەی گۆڕانکاریی سرووشتی بە هەمان میکانیزم ڕوونبکاتەوە. ئاناکسیمەنس درێژەپێدەری ماتریاڵیزمی سرووشتیی مۆنیستی بوو.

**d- هێراکلیتوس**

هێراکلیتوس دواهەمین ئەڵقەی ماتریاڵیزمی سرووشتی و یەکەمین دیالەکتیسیەنە. هیگڵ هێراکلیتوس بە دامەزرێنەری دیالەکتیک دادەنێت و خۆی بە میراتگری دیالەکتیکەکەی دەزانێت. لە ڕوانگەی هێراکلیتوسەوە هەموو شت لە جوڵە و سەیرورەدایە و پێیوایە ناکرێت دووجار پێ بخەیتە ناو ڕووبارێکەوە لەبەرئەوەی هەمیشە لە گەڕاندایە و بە بەردەوامی دەگۆڕێت. ئاگری بە ئارخە و توخمی سەرەتایی یان زاگەی هەموو شت دانا و ڕوونکردنەوەی ماتریاڵیستیی سەبارەت بە گەردوون و پەیدابوون خستەڕوو. پێداگریی لەسەر دژبوون و ئەنتاگۆنیزم دەکرد کە هێزی جوڵە و سەیرورە و بەرەوپێشچوونە و هەروەها جەختی لە یەکایەتیی دژیەکەکان دەکردەوە.

ڕوانگەی دیالەکتیکیی فەیلەسوفەکانی ماتریاڵیزمی سرووشتی، دینامیکی بوو و جووڵەیان بە جەوهەری جیانەبووەی مادە دادەنا. بەدەربڕینێکی تر جووڵەیان بە خەسڵەتی ناوەکیی مادە دادەنا بە جۆرێک کە مادەی بێجوڵە بوونی نییە و جوڵەی بێ مادەش هەر نییە و لەم خاڵەدا بنەڕەتیانە لە ماتریاڵیزمی میکانیکی جیادەبنەوە؛ لەبەرئەوەی ماتریاڵیزمی میکانیکی جوڵەیان بە خەسڵەتی دەرەکیی مادە دادەنا. هەروەها فەیلەسوفانی ئەم نەریتە هێڵی جیاکەرەوەی ڕادیکاڵیان لە نێوان سوبێکت و ئۆبێکت یان لە نێوان مرۆڤ، گەردوون، کۆمەڵگا، بیرکردنەوە و ژیان دانەدەنا و هەموویانیان لە (گشت)ێکدا دەچنی کە پێکەوە پەیوەستن. ئۆنتۆلۆژیای مۆنیزمی ماتریاڵیزمی سرووشتی، پێداگری لەسەر یەک جیهانی و یەک بنەڕەتی دەکرد و جیهانێکی تریان لەدەرەوەی جیهان ڕەتدەکردەوە. بەدەربڕینێکی تر بەرگرییان لە ناوزانین و ناونشینیی (immanence) بوون دەکرد و ترانسێندێنس و سەروسرووشتیان ڕەتدەکردەوە بۆیە زۆرجار بە فەیلەسوفانی ئەم نەریتە دەوترێت فەیلەسوفی سرووشتی.

## B- ماتریاڵیزمی ئەتۆمگەرا

دووەم قوتابخانەی ماتریاڵیزمی سەرەتایی قوتابخانەی ماتریاڵیزمی ئەتۆمگەرا بوو کە لەسەر دەستی لوکیپوس و دیمۆکریتوس دامەزرا. پێیانوابوو مادەی سەرەتایی یان ئارکە بریتییە لە ئەتۆم و ئەتۆم بچوکترین یەکەی پێکهێنانی گەردوون و سرووشت و هەموو شتێکە. ئەتۆم لە زمانی یۆنانیدا واتە "یەکەی دابەشنەبوو". هەروەها پێیانوابوو ئەتۆمەکان فۆرمی جۆراوجۆریان هەیە و هەرشتێک بە گوێرەی تایبەتمەندییەکی فۆرمی ئەتۆمەکانی دەگۆڕا. بۆنمونە، پێیانوابوو خوداکانیش لە ئەتۆم درووستبوون و مادیین بەڵام ئەتۆمی خوداکان نەرمتر و ناسکترن.

لە ڕوانگەی ئەتۆمگەراییەوە هەردوو کاتیگۆریی (بوون و نەبوون) بە ئەتۆم و بۆشایی دادەنرا. بۆ جووڵە و گۆڕان و درووستبوونی فۆرمی نوێ بۆشایی زەرورەتە و لەڕێگەی بۆشایی و ئەتۆمەوە، پەیدابوون و گۆڕانکاری هەموو شتەکانیان ماتریاڵیستانە ڕووندەکردەوە. هۆگەرایی، بنەڕەتی جووڵانی ئەتۆمەکان بوو لە بۆشاییدا و هیچ ئەتۆمێک لە خۆیەوە یان خۆڕسکانە نەدەجووڵا. لۆکیپۆس دەیوت «هیچ شتێک بەبێ هۆ پەیدا نابێت بەڵکو هەموو شت بە گوێرەی هۆ و زەروورەت پەیدا دەبێت». بنەمای جووڵانی ئەتۆمەکان لەسەر ڕایەڵەی زەرورەت، جەبرگەرایی ئەتۆمی بەسەر هەموو جوڵەکان و گۆڕانکارییەکان و پەیدابوونەکاندا دەسەپاند و هیچ شوێنێکی بۆ بەرێکەوت پەیدابوون و بێ‌هۆ جووڵان و خۆڕسکانە هاتنەکایەی فۆرمی نوێوە نەدەهێشتەوە و ئەمەش ناکۆک دەبوو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ماتریاڵیستانەی پرسەکان کە بەجۆرێک ڕێگەی خۆشدەکرد بۆ ڕوونکردنەوەی ئایدیالیستانەی پرسەکان. لەکاتێکدا لەلای ئەتۆمگەراکان ڕوونکردنەوەی تێلیلۆژیانە و غایەتگەرا بێمانابوو. بۆ ئەوان جووڵێنەری سەرەتایی بوونی نەبوو و پێیان وابوو مادە هەمیشە هەبووە و هەروەها مادە و جووڵەیان لێکجیانەدەکردەوە بۆیە گرنگییان بە جووڵێنەری سەرەتایی نەدەدا و ئەرستۆ لەبەر ئەم بێباکییە ڕەخنەی لێدەگرتن.

ئەپیکۆر هەڵگر و درێژەپێدەری ماتریاڵیزمی ئەتۆمگەرایی دیمۆکریتس بوو بەڵام بە هەندێ جیاوازییەوە. ئەپیکۆر گۆڕانکاریی لە جووڵەی ئەتۆمەکان لە بۆشاییدا لە سیستەمی

دیمۆکریتوسدا کرد. دیمۆکریتۆس پێی وابوو ئەتۆمەکان بە هێڵی ڕاست بەرەو خوار دێن کە ئەمەش لە ئەنجامی زەرورەتەوەیە. بەڵام ئەپیکۆر جێگەی بۆ جووڵەی ئەتۆم لە بۆشاییدا بە هەموو ئاراستەیەکدا کردەوە و ناوینا ڕێکەوت. بەدەربڕینێکی تر ئەپیکور لەسەر بنەمای دیارینەکراوبوونی ڕێڕەوی جووڵەی ئەتۆم، ئازادیی هێنایەناو سیستەمی ئەتۆمگەراییەوە. هەروەها ئەپیکۆر تامی جۆراوجۆری بە بەرهەمی ڕاستەوخۆی جیاوازی فۆرمی ئەتۆمەکان نەدەزانی بەڵکو پێیوابوو دەرەنجامی پرۆسەی بەرکەوتنی هەستی مرۆڤ لە گەڵ مادەکاندا تامی جۆراوجۆر دروستدەکات.

## ٢- ماتریاڵیزمی میکانیکی

لەپاش یۆنان، ماتریاڵیزم لە سەدەی ١١ و ١٢ سەرەتا لە بەریتانیا و پاشان لە فەڕەنسا سەرهەڵدەداتەوە و تا سەدەی ١٩ ماتریاڵیزمی میکانیکی درێژەدەکێشێت و لەو مەودایەدا زۆرێک لە بیریار و فەیلەسوف و زانای ماتریاڵیست سەرهەڵدەدەن، بەڵام هەموویان بە تەواوی ماتریاڵیست نەبوون. لە هەندێ تەفسیر و ڕوونکردنەوەدا ماتریاڵیست بوون و لەهەندێکی تردا ئایدیالیست بوون.

ماتریاڵیزمی میکانیکی لە بەریتانیا لەسەر دەستی بیکۆن دادەمەزرێت. بیکۆن گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لە میتۆدی توێژینەوەدا دەکات و سەرچاوە و ڕیفرێنسی لێکۆڵینەوە لە کتێبەوە دەگوازێتەوە بۆ سرووشت. لە بیکۆنەوە توێژینەوە لە سرووشت بە واقیعی دەستپیدەکات و سرووشت دەبێتە ئۆبێکتی ڕامان و توێژینەوە. بە دەربڕینێکی تر بیکۆن دابڕانی ڕادیکاڵی لەگەڵ فەلسەفەی سکۆلاستیک(مەدرەسی) کرد. لە فەلسەفەی سکۆلاستیکدا لە جیاتیی سرووشت، دەقەکانی پێشوو، ئۆبێکتی توێژینەوە بوون.

پاش بیکۆن، جۆن لۆک پەرەی بە ماتریاڵیزم دا. پەیوەندیی نێوان بیرکردنەوە و ئەزموونی خستەڕوو. ماتریاڵیستانە ڕوونیکردەوە کە چۆن زانین لە ئەزمونەوە سەرچاوەدەگرێت. هەروەها ئەوەی خستەڕوو مرۆڤ لەوحێکی سپییە کە پێچەوانەی عەقڵگەرایی دیکارتە. مارکس، لۆک بە بناغەداڕێژی سۆسیالیزم دادەنێت بەوەی کە مرۆڤ وەک جەوهەر لەوحێکی سپییە و پاشان لە پراکتیکی کۆمەڵایەتییدا، بە گوێرەی ململانێی چینایەتی پڕدەبێتەوە و شوناس وەردەگرێت.

دیکارت وەک بیکۆن گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی لە میتۆددا کرد. سەرەڕای ئەوەی دیکارت بەتەواوی ماتریاڵیست نەبوو بەڵام کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕەوتی ماتریاڵیزمی فەڕەنسی دانا. تەفسیر و ڕوونکردنەوەی میکانیکیی بۆ جیهان و سرووشت خستەڕوو. دواجار دیکارت کاریگەریی لەسەر هەردوو ڕەوتەکە، واتە ماتریاڵیزم و ئایدیالیزم دانا. پاش دیکارت لامتری، دیدرۆ، هێلیلیۆس و هۆڵباخ ماتریاڵیزمی میکانیکییان پەرەپێدا و جیهانبینیی ماتریاڵیستیی میکانیکییان خستەڕوو.

کرۆکی ماتریاڵیزمی میکانیکی، چۆنییەتیی ئیشکردنی گەردوون و سرووشت و ئۆرگانیزمەکانە و هەوڵیدەدا میکانیزمی ئیشکردنی هەموو شتێك، بەشێوەیەکی ماتریاڵیستانە ڕوونبکاتەوە. ڕوونکردنەوەی میکانیکی بریتیبوو لە مۆدیلی مەکینە واتە کۆمەڵە بەشێک کە پێکەوە لە نەزمێکدا بە گوێرەی چەند ڕێسایەکی دیاریکراو، بە کارکردنە سەر یەکتری کاردەکەن. هەموو مەکینەیەک بۆ ئیشکردن پێویستی بە هێزی دەرەکیی جووڵان هەیە. بۆ نمونە بۆ تێگەشتن لە کارکردنی کاتژمێرێکی قورمیشکراو، دەبێت سەرەتا لە میکانیزمی کارکردنی تێبگەین بە جۆرێک کە کاتژمێرەکە هەڵدەوەشێنین بۆ بەشەکانی و لە کاری بەشەکانی تێبگەین و پاشان لەکارکردنی پێکەوەیی هەموو نەزمەکە کە سیستەمێکی درووستکردووە تێبگەین.

ماتریاڵیستە میکانیکییەکان سرووشتیان بۆ پێکهێنەرەکانی شیدەکردەوە و هەرکام لە بەشەکانیان بۆ بچوکترین بەش شیتەڵدەکرد و، پاشان لە بەشەکان دەکۆڵینەوە کە چۆن کاردەکەن و چۆن کار لە یەکتری دەکەن و دواجار چۆن پێکەوە لە میکانیزمێکدا کاردەکەن.

دەرەنجامی ئەم شیکردنەوانە پێشکەشکردنی مۆدیلێکی میکانیکی بوو بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانکارییەکان و دیاردەکان. دوائامانجی ماتریاڵیستە میکانیکییەکان ئەوەبوو چۆن دەتوانن میکانیزمەکان چاکبکەنەوە و چۆن بۆ شێوەیەکی نوێ بیگۆڕن بۆ ئەوەی دەرەنجامی تازەی لێ بدۆزنەوە.

ماتریاڵیستە میکانیکییەکان بە موتڵەقی ماتریاڵیزمی میکانیکییان دەخستەگەڕ بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو کار و چالاکیی مرۆڤ و ئاژەڵەکانی تر و، هەروەها دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیشیان بە مۆدیلە میکانیکییەکان ڕووندەکردەوە بەجۆرێک کە نەک جیهان و سرووشت و ئاژەڵەکانیان بە مەکینە دەزانی بەڵکو مرۆڤیشیان بە مەکینە دەزانی و مرۆڤ و چالاکییە مرۆییەکانیان بە مۆدیلی میکانیکی ڕووندەکردەوە. دیکارت پێیوابوو هەموو ئاژەڵەکان مەکینەی خۆکار و ئۆتۆماتیکیین بەڵام دیکارت مرۆڤی بە مەکینەی خۆکار نەدەزانی لەبەرئەوەی مرۆڤ خاوەنی ڕۆحە. لەبەرامبەردا لامتری پێیوابوو مرۆڤیش مەکینەیە بەڵام مەکینەیەکی تەواوئاڵۆز.

دەرکەوتنی ماتریاڵیزمی میکانیکی هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی بۆرژوازییدا و لەگەڵ بۆرژوازییدا تەبایە، ئەویش بەو مانایەی بەتەواوەتی دژایەتی فیوداڵیزم(دەرەبەگایەتی) دەکات و لەگەڵ بۆرژوازییدا ناکۆک نییە. کۆپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی فیوداڵی، بە هیرارشیەت و ملکەچی و پەیڕەوکردنی بێمەرجی موڵکدارەکان ڕەنگڕێژکراوە. ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە خەسڵەتی دیاری فەلسەفەی سەردەمی فیوداڵیزم. بەدەربڕینێکی تر لە فەلسەفەی سەردەمی فیوداڵیزم دا هەموو شت لە سرووشتدا بە شێوەیەکی سرووشتی پێگە و شوێنی شایستەی خۆی هەیە و هەروەها فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانیش بە سرووشتی دادەنرا و هەڵسەنگاندنی هەرشتێک بە گوێرەی ئاستی پەیڕەوی لە سیستەم و دوائامانجی ناوی هەڵدەسەنگێنرا.

فەیلەسوفە ماتریاڵیستە میکانیکییە بۆرژواکان هەموو تێڕوانینە فیوداڵیەکانیان هەڵتەکاند و ئاوەژوویانکردەوە. دەستیانکرد بە ڕوونکردنەوەی میکانیکیی سرووشت. پاشهاتی دارمانی فیۆداڵیزم بەرگریکردن بوو لە ئازادی و یەکسانی و پەرەپیدانی بازاڕی ئازاد، کە ئەمانەش

لەگەڵ ماتریاڵیزمی میکانیکی تەبابوو کە جیهانی بە شێوەی ئەتۆمی سەربەخۆی پێك‌کاریگەر، وێنادەکرد.

## ٣- ماتریاڵیزمی مێژوویی

ماتریاڵیزمی پێش مارکس و ئەنگڵس، نامێژوویی، میکانیکی یان سرووشتی بوو و لەبەرامبەردا مێژووش ماتریاڵیستی نەبوو و ڕەهەندی مێژوو لە ماتریاڵیزمدا ئامادەیی نەبوو. کەواتە خوێندنەوەی ماتریاڵیستیی دیاردەکان و ڕووداوەکان و ... پێش مارکس و ئەنگڵس مێژوویی نەبووە و زیاتر میتافیزیکی بووە و هەروەها خوێندنەوەی مێژووش ماتریاڵیستی نەبووە بەڵکو ئایدیالیستی بووە.

لە ڕوانگەی ئاڵتوسێرەوە، دۆزینەوەی زانستی مێژوو لە لایەن مارکس و ئەنگڵسەوە دابڕانی ئەپیستمۆلۆژییە لە هزری مرۆڤدا، بە جۆرێک کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا توانیی بە میتۆدی زانستی(ماتریاڵیزمی مێژوویی) مێژوو بخوێنێتەوە و دەرەنجامی واقیعی بەدەستبهێنێت. لەڕێگەی ئەو دەرەنجامە واقیعییانەوە ئیمکانی بونیاتنانی کۆمەڵگای تەواوجیاواز لەوەی کە هەبوو بخوڵقێنێت وەک؛ یەکێتیی سۆڤیەت یان چینی کۆمۆنیستیی سەردەمی ماوتسی تۆنگ.

ماتریاڵیزمی مێژوویی کەرەستەی بنچینەیی سۆسیالیزمی زانستییە کە تێگەشتنی ماتریاڵیستی بۆ مێژوو دەستەبەردەکات. بەدەربڕینێکی تر ماتریاڵیزمی مێژوویی، شیکردنەوەی پەرەسەندنی هێزی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنان، لە فۆرماسیۆنە کۆمەڵگایی/ئابوورییە جیاوازەکاندا بەدرێژایی مێژوو دەستەبەردەکات و هاوکات ئیمکانی تێگەیشتن لە فۆرماسیۆنی کۆمەڵگایی/ئابووریی هەنووکەیی و داهاتومان بۆ دەرەخسێنێت. بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆر تێگەشتن بۆ مێژوو لە ئارادایە؛

**١- تێگەیشتنی تیۆلۆژیانە بۆ مێژوو**

مرۆڤ هەر لە سەرەتای ڕامان و وردبوونەوە لە سرووشت و چواردەوری خۆی هەوڵی تێگەشتنی داوە. بەو پێیەی هەلومەرجی سەرەتایی، ئیمکان و ئەگەری تێگەشتنی زانستیی نەڕەخساندووە بۆ مرۆڤ، بۆیە مرۆڤ لەبەرامبەردا دەستبەرداری تێگەشتن نەبووە. بۆیە مرۆڤ بۆ شیکردنەوە و تێگەشتنی سرووشت بیرکردنەوەی ئوستورەیی بەرهەمهێناوە — لە سادەترین شێوەیدا هەموو شتیان بە خاوەنی ڕۆح زانیوە واتە ئانیمیزم. گوایا هێزێکی دەرەکی و سەروسرووشتی هەیە کە هەموو گۆڕانکارییەکان دەسازێنێت. مێژوو بەپێی ئەم ڕوانگەیە بریتییە لە ویستی خوایەک یان چەند خوایەک کە هەموو دیاردە و ڕووداوەکان بە گریمانەی خودا پاساودەدەن. بۆ نمونە، بڵێن بۆچی ئیمپراتۆری میدیا ڕووخا، دەڵێن ویستی خوا بووە کە بڕووخێت.

**٢- تێگەشتنی ئایدیالیستانە بۆ مێژوو**

لەم ڕوانگەیەدا مێژوو لە ڕێگەی ئایدیا، ئاکار، داب‌ونەریت و کەلتورەوە ڕووندەبێتەوە. گۆڕانکارییە مێژووییەکان یان لە ناوچوونی ڕژێمەکان بە گوێرەی ئایدیا و کەلتور و ... خەڵکانی ناو ئەو ڕژێمە لێکدەدرێتەوە. بۆ نمونە ئەگەر بڵێن بۆچی ئیمپراتۆری ڕۆم ڕووخا ئەوا دەڵێن ئایدیا، کەلتوور، ئاکار و ... دواهەمین بڕگەی ئیمپراتۆرییەکە خراپ و داوەشاو بووبوو و دەرنجامی ئەوە ئیمپراتۆرییەکە داڕووخا.

**٣- تێگەشتنی ئەنجامگەرایانە(تیلۆلۆژی و غایەتگەرا) بۆ مێژوو**

تێگەیشتنی ئەنجامگەرایی یان تێلیۆلۆژیانەی(teleology) مێژوو بریتییە لە دەستپێکردن لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا. لەم ڕوانگەدا هەموو سەرەتایەک پێش دەستپێکردنی ئەنجامەکەی دیاریکراوە، واتە هەموو دیاردەیەک، ڕووداوێک یان پەیدابوونێک بۆ ئەنجامێکی دیاریکراو

بەگەڕکەوتووە و هەموو شتێک لە ڕێگەی ئەنجامە دیاریکراوەکەیەوە دەستنیشاندەکرێت. کەواتە مێژوو لە ڕێگەی ئەنجامی دیاریکراوی مێژووەوە ڕووندەبێتەوە. بۆ نمونە مێژوو لەلای هیگڵ بە شێوەی ئەنجامگەرایی ڕووندەبێتەوە — مێژوو بریتییە لە گەشەکردنی ڕۆح بەرەو بەدەستهێنانی ئازادیی زیاتر لە خودئاگایی دەستەجەمعیی مرۆڤدا.

### ٤- تێگەیشتنی ماتریاڵیستانەی مێژوو یان ماتریاڵیزمی مێژوویی

مارکس و ئەنگڵس ماتریاڵیزمی مێژووییان لەسەر بنچینەی دیالەکتیکی هیگڵی و ماتریاڵیزمی فۆیەرباخ(فیورباخ) دارشت، بەڵام بە فۆرمی مارکسیستی. لەم ڕوانگەیەدا ڕووداو، دیاردە و گۆڕانکارییە مێژووییەکان لەڕێگەی پەیوەندیی نێوان هێزی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانەوە ڕووندەبێتەوە، ئەویش بە جۆرێک کە ئەوانە ژێرخانی فۆرماسیۆنی کۆمەڵگایی/ئابووری دروستدەکەن و بەگوێرەی ئەم ژێرخانە سەرخانێکی سیاسی-ئایدۆلۆژی-کۆمەڵایەتی وەک کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی و .... دروستدەبێت. کەواتە گۆڕانکاری یان ڕووداوی مێژوویی لە دەرەنجامی ناکۆکی و دژیەکیی نێوان هێزی بەرهەمهێنان و کۆپەیوەندیی بەرهەمهێنانەوە دروستدەبێت کە ئەمەش ئەنتاگۆنیزم لە نێوان سەرخان و ژێرخاندا دروستدەکات و فۆرماسیۆنە کۆمەڵگایی-ئابوورییەکە توشی قەیران و داڕووخان دەکات.

لە ڕوانگەی ماتریاڵیزمی مێژووییەوە، مرۆڤ بە گوێرەی هەلومەرجی ماتریاڵی و ئاگایی و هۆشیاریی دەستەجەمعیی سیاقی دیاریکراوی خۆیەوە، مێژووی خۆی دروستدەکات و هاوکات لەناو پرۆسەی دروستبوونی مێژوودا، خودی خۆیشی دروستدەبێت و ئەم پرۆسەش بەهۆی ناوەند و میدیۆمی کارەوە ڕوودەدات؛ بەم پێیەش پراکتیکی کۆمەڵایەتی دەبێتە ژێدەری مێژوو و گۆڕانکارییە مێژووییەکان.